


زانکۆی سەڵاحەدین -هەولێر
سەنتەری پەروەردەی پێشەنگکاری سەڵاحەدین

# پەروەردەی پێشەنگکاری

مامۆستای بابەت:
م.ی. خێلان أبوبکر
م.ی. محمد علي

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# گرنگی پەروەردەی پێشەنگکاری





## • ئامانج

- تاوتوێکردنی کاریگەریە درێژخایەنەکانی پ. پێشەنگکاری.
- شیکردنەوەی ئەو کارامەیی و توانستانەی

لە پەروەردەی پێشەنگکاریەوە قوتابیان فێری دەبن.

- ڕوونکردنەوەی کاریگەری پەروەردەی پێشەنگکاری لەسەر تاك و کۆمەڵگا.
- ئاماژەکردن بە کاریگەری پەروەردەی پێشەنگکاری لەسەر پرۆسەی فێربوون و فێرکردن.
- گەڵاڵەکردنی کاریگەری پەروەردەی پێشەنگکاری لەسەر بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان.
- دەستنیشانکردنی کاریگەری پەروەردەی پێشەنگکار لەسەر بازاڕی کار و داهێنان.

پەروەردەی پێشەنگکاری



# لە دەستپێک چەند پرسیارێک

ئایا چ ئەرکێکی زانکۆ پێتوایە مانادار و سوودبەخش بووە ؟ ئەرکەکە چی بوو ؟ چۆن ؟


ئایا لە چ کارێکدا گەشبین بوویت ؟ لە کاتێکدا کارەکە زۆر زەحمەت و سەخت بوو ؟ چۆن ؟

ئایا ئەو وانانەی خوێندووتە زیاتر تیۆری بوون یان پڕاکتیکی ؟ زیاتر لە کامەی فێربووی ؟ بۆچی ؟

تا چەند توانیوتە خۆت بدەیە بەر مەترسی (سەرکێشی ئەنجام بدەی)؟ چۆن ؟ بۆچی ؟

# پەروەردەی پێشەنگکاری

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پەروەردەی پێشەنگکاری چەندین سود و قازانج بە دوای خۆیدا هێنا، کە ڕەنگدانەوە لە گرنگی کارامەییەکانی پێشەنگکاری، دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوە روون بکرێتەوە.




- ✓ دروستکردنی هەلی کار.
- ✓ پلان دانان.
- ✓ چۆنیەتی پێشکەشکردنی بابەتێك یان زانیاریەك.
- ✓ فێربوون بە شێوازیکی جیاواز و کاریگەر.
- ✓ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی تۆکمەو پێشکەوتوو.
- ✓ ڕێزگرتن لە خۆت و بەکەم سەیرنەکردنی خۆت.
- ✓ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان.گەشەکردنی ئابوری لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا.
- ✓ فێربوونی خۆدانە بەرمەترسی(سەرکێشی کردن)

پەروەردەی پێشەنگکاری




- ✓ فێربوون و گەڕان و داهێنان و نوێگەری.
- ✓ دروستکردنی بەرهەم یان خزمەتگوزاریەکی بەرجەستەکراو.
- ✓ گۆڕینی عەقڵیەتی کۆن بۆ عەقڵیەتیکی پێشەنگکارانە.
- ✓ فێربوون و پەرە پێدانی زیاتر بە کارامەیی بیرکردنەوەی قوڵ .
- ✓ پرکردنەوەی بۆشایی نێوان تیۆریەکانی ناو پۆل و پەیوەست بکرێ بە واقیعی ژیان .
- ✓ شارەزابوونی زیاتر لە بازاڕی کار.
- ✓ بەرهەمهێنانی پێشەنگکاری لێهاتوو سەرکەوتوو.

پەروەردەی پێشەنگکاری



✓فێربوونی هەلوێستی ئەرێنی.

✓ڕەسەنایەتی لە کارو بەرهەم و بەڕیوەبردن.

✓بەخشینی چێژ و بەشداریکردن و تیکەڵبوونی زیاتر بە بابەتی خوێندراو.

✓قوتابی ئەرکدار دەکرێ

✓ دەرفەتی فێربوون باشتر و فراوانتر و قوڵتر دەبێت.

✓فێری هەڵسەنگادنی بابەتیانە دەبێت.

پەروەردەی پێشەنگکاری




- ✓ شارەزایی پەیدا دەکات لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی شکستی پڕۆژەیەك.
- ✓ فێری خاوەنداریەتی کارو پڕۆژە دەبێت.
- ✓ فێر دەبێت چۆن بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان نوێبکاتەوە.
- ✓ فێری بەڕێوەبردنی سەرکردایەتی کردنی کارکردن بە کۆمەڵ دەبێت.
- ✓ فێری گەشبینی و سوربوون و هەوڵدانی بەردەوام دەبێت.
- ✓یارمەتیدان و فێرکردنی قوتابی ڕۆیشتن بە ناو بیردۆزی هەڵسوکەوتی پلان بۆ داڕێژراو THE THEORY OF PLANNED BEHAVIOUR کە بە سێ هەنگاو تێپەڕ دەبێ

# پەروەردەی پێشەنگکاری



نیازە پێشەنگکاریەکان( entrepreneurial intention) لەم قۆناغە حەزو ویستەکەی دەبێتە پلانێکی تیرو تەسەل.

هەڵویستە پیشەنگکاریەکان( entrepreneurial attitudes) حەزو ویستیکی پێشەنگکارانەی هەیە، واتە دەیەوێت ئەنجامی بدات.

هەڵسوکەوتە پێشەنگکاریەکان( entrepreneurial behavior) پلانە پێشەنگکاریەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دواتر دەبێتە هەڵسوکەوتی پێشەنگکارانە.

# چالاکی

- گرووپی یەکەم و دووەم/ ئەو خالأنە دیاری بکەن کە (کارامەیی و توانست)ن و فێرخواز لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە فێری دەبێت.

- گرووپی سێیەم و چوارەم/ ئەو خالأنە دیاری بکەن کە ئەم بابەتە (کاریگەری ئەرێنی) لەسەر تاك و کۆمەلگە جێدەهێلێ.

- گرووپی پێنجەم و شەشەم/ ئەو خالأنە دیاری بکەن کە ئەم بابەتە (کاریگەری ئەرێنی) لەسەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دروست دەکات.

- گرووپی حەوتەم و هەشتەم/ ئەو خالأنە دیاری بکەن کە ئەم بابەتە دەبێتە هۆی (بوژانەوەی بازاڕ و بەرهەم و ڕەخساندنی دەرفەتی کار).

پەروەردەی پیشەگەری

# پرسیار بۆ قووڵبوونەوە و ڕەنگدانەوە

بابەتی پەروەردەی پیشەنگکاری پێویستیەکی هەنوکەیی و هەمیشەییە بۆ ژینگە و واقعی هەرێمی کوردستان؟

چۆن دەتوانین ئەو بابەتە لە پرۆسەی خوێندنی هەرێمی کوردستان شوێنی بکەینەوە؟

کامە لەم خاڵانەی سەرەوە دەکرێ لە بابەتەکانی خوێندن شوێنی بکرێتەوە؟ بۆ نموونە چۆنیەتی پێشکەشکردنی بابەت.

پەروەردەی پێشەنگكاری

# قوتابی پێشەنگكار (entrepreneurial student)



## ئامانج

- ✓پێناسەكردنی قوتابی پێشەنگكار
- ✓ڕوونكردنەوەی ئامانجی قوتابی پێشەنگكار
- ✓ئاماژەكردن بە هەنگاوەكانی بوون بە قوتابی پێشەنگكار
- ✓شیكاركردنی بنەماكانی مامەڵەكردنی قوتابی پێشەنگكار لەگەڵ پێشەنگكاری

پەروەردەی پێشەنگکاری

# لە دەستپێك چەند پرسیارێك




- هیچ کاتێک هەستت کردووە تۆ جیاواز بووی بە بەراورد لەگەڵ قوتابیەکانی هاوپۆلت؟ چۆن ؟

- ئایا هیچ کاتێک لە تواناکانی خۆت وردبوویتەوە؟ لە چ شتێک بەهرەت هەیە؟ چۆن دەتوانی بەگەڕی بخەی بۆ کارێک لە داهاتوو؟

- ئایا هیچ کاتێک لە ژیانت هەڵەشە بووی ؟ چ بڕیارێکی هەڵەتدا؟ چۆن پێت باشە مامەڵ لەگەڵ هەڵەشەیی بکرێت؟ بۆچی ؟

- ئایا چ شتێک لە ژیانت بە قووڵی کاریگەری لە عەقڵیەتی تۆ کردووە؟ چۆن؟ بۆچی؟

پەروەردەی پێشەنگکاری

## پێناسە و ئامانجی قوتابی پێشەنگکار



- پێناسەی قوتابی پێشەنگکار: هەموو تاکێک دەگرێتەوە کە لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت... کە خاوەن مامۆستا یان ڕاهێنەرێکی پێشەنگکارە... و بەجدی تێکەڵاوبووە لەگەڵ ئامانجەکانی پێشەنگکاری ، حەز و پەرۆشیەکی زۆری هەیە بۆ فێربوونی کارامەییەکانی پێشەنگکاری یان دەیەوێ ببێ بە کەسێکی پێشەنگکار ، بۆیە زۆر چالاکانە بەشداریەکی کارای هەیە لە هەموو ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێردرێت ، هەروەها هەمیشە هەوڵ دەدات لە ڕێگا تەقلیدیەکاني فێربوون و بیرکردنەوە بێتە دەرەوە و ئەو یاسا و ڕێسایانە بشکێنێ کە خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون.

# ئامانجی قوتابی پێشەنگکار:

- ✓گۆڕینی عەقڵیەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی.
- ✓بوون بە کەسێکی بەهرەمەند

GOALS

- ✓هەڵقۆستنەوەی توانست و کارامەییەکانی لە ژیانی واقعدا
- ✓بوژاندنەوەی داهات و باری ئابوری و دروستبوونی کاریگەری ئەرێنی لە سەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

# پەروەردەی پێشەنگکاری

## هەنگاوەکانی بوون بە کەسێکی پێشەنگکار

- لە تواناکانی خۆی ورد دەبێتەوە
- لە ڕێگای بیرۆکەی جیاواز دەرفەتی ڕەسەن و نوێ دروست دەکات
- بیرۆکەی بەرەوپێش دەبات
- نابێتە کەسێکی هەڵەشە
- درك بە سەرچاوە پێویستیەکان دەکات و بەکاریان دەهێنێ
- بیرۆکەکان دەکاتە کردار

# ئاڕاستە و بنەماکانی مامەڵەکردنی قوتابی پێشەنگکار

پێشەنگکاری وەك عەقلیەت

پێشەنگکاری وەك پرۆسە

پێشەنگکاری وەك ڕێگا

پەروەردەی پێشەنگكاری

# پرسیار و قوولبوونەوە

- پێتوایە قوتابی لە ئێستادا پێویستی بە چ گۆڕانكاریەكە؟

- پێشبینی چ گۆڕانكاریەك دەكەی ئەگەر بە رەو ئاراستەی قوتابی پێشەنگكار بڕۆن؟ چۆن؟

- ئایە زیان و مەترسیەكانی نەگۆڕان و چەقبەستووی قوتابیان لە چیدایە؟ كێ زیانمەند دەبێت لەم نێوەندەدا؟ چۆن؟

- پێتوایە ئەركی قوتابی چیە؟ سێ ئەرك دەست نیشان بكە كە بەلاتەوە گرنگ و پێویستن.

alamy
Image ID: 2BDGW9A
www.alamy.com

پەروەردەی پێشەنگكاری

